# مەرگی ژان فرانسوا ریگیل

## *بەرگریکارە گەورەکەی سیاسەتی ئەمەریکی لە فەرەنسا*

**هاشم صالح**

**و، جەمال پیرە**

زۆر لە روناکبیرانی عەرەب گویٚ لە ناوەکانی لویس ئالتۆسێر، میشال فۆکۆو ژیل دولۆزو رۆلان بارت، ژاك دیریدا....دەگرن بەلاّم هیچکامیان گویٚ لە ناوی ژان فرانسوا ریگیل ناگرن، فەیلەسوفو تیۆریستی سیاسیی لیبرالیی کە دوێنیٚ(واتە 2006/5/19، وەرگێر) لەتەمەنی هەشتاو دوو سالّیدا کۆچی دوایی کرد راستییەکەی ئەم پیاوە تەنانەت لە خودی فەرەنساشدا کەسێکی خۆشەویست نەبوو چونکە فەرەنسییەکان لەوە ناگەن کە چۆن دەکریٚ روناکبیرێکی گەورە هەبیٚو ناچەپیش بێت! لەمەش زیاتر پیاوێك" بەرگ سوور" وەك کە دەوتریٚ بەهۆی بەرگریو پالّپشتی خۆی لە سیستمی لیبرالیی سەرمایەدارییو لەسەرووی هەمووشیانەوە ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەم بوارەشدا جگە لە ریمۆن ئارۆن، سۆسیۆلۆژیستی ناودارو هاورێیی سەرسەختی ژان پۆل سارتەر هیچ کەسێکی تر لەم ناچیٚ، بەدرێژایی شەڕی سارد ئارۆنو ریگیلو کەمێکی تر لە روناکبیرانی فەرەنسا لە خەندەقی سەربازگەی ئیمپریالی ئەمەریکیدا بوونو لەبەرامبەر سەربازگەی سۆسیالیستی سۆڤێتیدا وەستابوونەوە، لەبەر ئەمە بە درێژایی نزیکەی 50 سالّ بەر نەفرەتی ئایدیۆلۆژیی هەردوو دنیا کەوتبوون، نەحەسانەوە یا هەناسەی خۆشییان هەلّنەکێشا تەنها لە دوای روخانی یەکێتی سۆڤێتو سەرجەم ئایدیۆلۆژیا چەپگەرە کۆمۆنیستەکانەوە نەبیٚ، ئەو کاتەی کە سومعەی چەپی فەرەنسی تا ئاستێکی زۆر کالّ ببووەوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە خودی سارتەر، ئاشکراش بوو کە سارتەر دەیگوت: هەر کەسێك لەگەلّ پارتی کۆمۆنیستدا نەبیٚ، سەگە! ئەمەیان لەسەردەمی شەڕی سارد دا بوو، لە رووی فیکرییەوە هەلّەیەك بوو، ئەوکاتە ململانێی ئایدیۆلۆژیی نێوان هەردوو سەربازگە لەوپەڕی توندیدابوو تا سەربازگەی"شەڕ" بەسەر سەربازگەی"خێر" سەرکەوێت یا سەربازگەی لیبرالیی خۆرئاوایی بەسەر سەربازگەی سۆسیالیستی خۆرهەلاّتی ئەگەر هەمان زاراوەکانی چەپی فەرەنسی وەربگرین، بەلاّم وێرای سەرکەوتنی سەربازگەی سەرمایەداریی بە پێچەوانەی بۆچونو پێشبینییەکانی روناکبیرە چەپگەراکان هەندێکیان دەستیان بەم دروشمەوە گرتبوو: ئەگەر لەگەلّ سارتەردا هەلّە بیت چاکترە وەك لەوەی کە لەگەلّ ئارۆن(یاخود لەگەلّ ژان فرانسوا ریگیل) راست بیت، بۆچی؟ چونکە سارتەر ئەگەر لەسەر ئاستی ژیانی کەسیی خۆیشیدا بێت نوێنەرایەتی ئەریحیەتو کەرەمی حاتەمی دەکرد، تاکو پارەی نێو گیرفانەکەی بۆ خەلّکانێکی پێویست بوو جا چ نووسەرە نوێکان بووبن ئەوانەی کە کێشەی داراییان هەبوو یاخود خەلّکی ئاسایی ئەمەش کردەوەیەکی مرۆییەو ناکریٚ مەترسی بۆ سەر

روناکبیری راسترەوی فەرەنسی هەبێت، بەڵام جگە لە مەسەلە کەسییەکەیخۆیدا، سارتەر بەهەموو توانایەکییەوە تێکەڵ بە سەربازگەی گەلی جەزائیر بوو ئەو کاتەی شەڕی ئازادی نیشتیمانی دژ بە داگیرکاریی فەرەنسی سەریهەڵدا، بەم بۆنەیەشەوە چەندین جار رووبەڕوی مەترسی لەناوچون بووەتەوە، دەکرێ بڵێین کە ریمۆن ئارۆن بە پێچەوانەی زۆربەی روناکبیرە راسترەوە فەرەنسییەکان ئەوکاتە بۆ ئەمە لەگەڵ رای سارتەردا بوون، دواتر وێڕای "کوێریی ئایدیۆلۆژیی" لەوەی کە تایبەت بوو بە یەکێتی سۆڤیێت یاخود سەربازگەی سۆسیالیستی، سارتەر هەوڵی مرۆیی شایستەی هەبوو کە لە بەرژەوەندی چەوساوەو هەژاراندا بوو لەهەرکوێیەك بووبن، ئەو لەبەرامبەر ستەمو زۆرلێکردندا ئێجگار هەستیار بوو، بەردەوام لایەنگریی بەرژەوەندی بەسەردازاڵبووان بوو نەك زاڵبووەکان، هەر لەبەر ئەمەش بوو بۆرژوازییەتی فەرەنسییو بەگشتیی سەرمایەداریی خۆرئاوا رەتیانکردەوەو ئەمیش بەلای سەربازگەکەی تردا شکایەوە، بەڵام هەڵەی هەرە گەورەی سارتەر ئەوە بوو کە تەنها خاڵێکی پۆزەتیڤی لەسەربازگەی لیبرالدا نەئەبینی! کە ئەمەش هەڵەیەکە هەموومان ئەوکاتەی کە لە یەك ئاراستەوە تێکەڵ بە سیاسەت دەبین تێیدەکەوینو لەبەرامبەر روئیای ئاراستەکانی تردا کوێر دەبین، لەوێشەوە کێشمانی فیکریی خۆمان لەدەستدەدەینو ناتوانین سەرجەم لایەنەکانی واقیعیش ببینین، ئەمە هەڵەی سەرجەم سیاسییەکان بوو با نەڵێین سەرجەم تێکۆشەرەکان، بەڵام ئایا دەکرێ حاشایی بکەینو لە سەختی تێکەڵی مومارەسەو ململانێدا بین؟ لێرەدا جیاوازی لە نێوان کەسیی فیکرو کەسیی سیاسیدا بەدەردەکەوێت، لەهەندێ چرکەساتدا سارتەر جیاوازی لەنێوانیاندا نەدەکرد، بێگومان لەکۆتایی ژیانیدا ئەم هەڵوێستەی خۆی گۆڕی، بەڵام لەپاش لەدەستچوونی کاتدا. خۆشبەختانە کارە ئەدەبییو فەلسەفییەکانیلەدوای هەرەسی بەشێکی زۆری دەقە سیاسییەکانیدا هەر مانەوە، ژان فرانسوا ریگیل بەر لە مردنی لە دوا کتێبەکەی" شێتبوون بە دژایەتیکردنی ئەمەریکا" هۆکاری رەتکردنەوەی ئەمەریکای لە فەرەنسادا روونکردۆتەوە، کە رێك بۆ سەردەمی شەڕی ساردو کۆنترۆلی ئایدیۆلۆژیی چەپگەرایی هەرزەکار یاخود رووکەشانەی گۆڕەپانی روناکبیریی فەرەنسی دەباتەوە، هەروەها بۆ راسترەوی توندڕۆی فەرەنسی دەگەڕێنێتەوە کە رابەری بەرەی نەتەوەیی"ژان ماری لۆپێن" سەرکردایەتی دەکرد، ئەو کەسەی کە لە ئەمەریکا بێئاگا نەبوو گەر رێبەرایەتی خۆی لە ئەوروپا کێشایەوە_رێبەرایەتی خۆرئاوا_ لە کیشوەری ئەوروپا کە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو بەسەر تەواوی جیهاندا زاڵبوو، پێدەچوو لۆپێنو دەوروبەرەکەی بە لێدانەکەی 11ی سێپتێمبەر خۆشحالبووبنو بگرە بە نهێنی پێکیشیان بۆهەڵدا بێ!. کەواتە لێرەداپەیوەندییەك لە نێوان راسترەوی توندڕۆو چەپڕەوی توندڕۆدا دەبینین، یان با بڵێین ئەوان دژایەتیکردنی ئەمەریکا کۆی کردوونەتەوە هۆکارەکانیشیان تەواو جیاوازن، چەپ رقی لێیەتی چونکە گەورەترین وڵاتی سەرمایەداریی جیهانەو راستیش دژی ئەمەریکا بوو چونکە ئیرەییان پێدەبرد لە هێزو دەوڵەمەندیی لەبەرئەوەی رۆڵی فەرەنسای لە جیهاندا پەراوێزخستو وای کرد کە ببێ بە هێزێکی مامناوەندی پاش ئەوەی کە لە رابردوودا هێزێکی گەورەی جیهانیی بوو،.

ژان فرانسوا ریگیل بەدرێژایی هێڵەکە بەرگری لە ئەمەریکا دەکرد بەشەڕی عێراقیشەوە، بیانووەکەیشی بۆ ئـەم مەسەلەیە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو: ملیۆنەها کەسی ئەوروپی دابەزینە سەر شەقامو لـە پێنـاو ئاشـتیدا خـۆ پیشاندانیان سازدا! ئەمە لە مەدریدو رۆماو پاریس....بەڵام ئایا سەدام حوسێن بوو بە پاڵەوانی ئاشتی تا لـە پێناویدا خۆپیشاندان ساز بکرێت؟ ئایا ئەوان نازانن کە هاوکاری یـەکێ لـە گـەورەترین دیکتـاتۆری خوێنـاوی جیهان دەکەن؟ ئایا سەدام بەدرێژایی ماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆی پەلاماری خەڵکەکەیو دراوسـێکانی نەئـەدا؟ بۆچی لێرەدا بۆش بکوژو تاوانبارێکەو سەدامیش کەسێکی راستگۆ؟ئەم چەواشەیی راگەیاندنە لەکوێوەهات؟

پاشان ریگیل زۆر بە توندی ئەرکەکە دەخاتە ئەستۆی روناکبیرانی فەرەنسی ئەوانەی کە لـە هـەوڵی هێنانـەوەی پاسـاوی لێدانەکـەی 11ی سـێپتێمبەردا بـوون بـە پـشتبەستن بـەو گوتەیـەی کـە دەڵـێ:" ئـەوەی (بـا) بچێنێت،گەردەلوول دەدوورێتـەوە" ئـەوان سیاسـەتی دەرەوەی ئەمـەریکایان بەبەرپرسـیاری رقئەسـتووربوونی جیهانی سێهەمیان لەبەرامبەر ئەمەریکا داناوە ، ریگیل بەچەند پرسیارێك وەڵامیـان دەداتـەوەو دەڵـێ: ئایـا ئەنجامدەرانی 11ی سێپتێمبەر هەژارو ئازارچەشتووانی دنیا بوون؟ ئایا بنلادن یـەکێ لەهـەرە دەوڵەمەنـدەکان نییە؟ لەراستیدا تیرۆریستە فەندەمێنتالیستەکان لەبەرامبەر مۆدێرنێتەی شارستانیدا دڵڕەقن، چونکە یەکـسانی دەخاتە نێوان ژنو پیاوو دان بە پلـورالیزمی ئـایینیو لێبوردەییـدا دەنێـتو پـێ لەسـەر ئازادییـە مـەدەنییو فەردییەکاندا دادەگرێتو باوەڕی بە دیموکراسییو مافی مرۆڤ هەیە، ئەم شتانە لەدیـدی ئەمانـدا وەك کوفرێـك دەبینرێنو پێیانوایە کە پێویستە لەناو ببرێن، لەبەر ئەمەبوو ئەمەریکا بەر هێرشی ئـەوان کـەوت، نـەك لەبـەر هۆکاری تر. رەنگە ئەو قسەیەی ئەو تا ئاستێکی زۆر راست بێ بەڵام مەسەلەی فەلەستینو هەڵەکانی سیاسـەتی دەرەوەی ئەمەریکا بەدرێژایی نیو سەدە لەبیردەکات، هـەروەك ئەوەیـشی لەیادچـووە کـە ئـەو جیهانگیرییـەی ئەمڕۆکە ئەمەریکا رێبەرایەتی دەکات تاکو ئێستا نەیتوانیوە بارودۆخی گەلانی هەژار چاکتر بکات ئەوانەی کە لەسەر لێواری برسێتیو مەرگ دان، بەتایبەت لە ئەفەریقاو ئاسیاو ئەمەریکای لاتینی زۆر نزیك لە ئەمەریکا، لێرەوە راستڕەوێتی ژان فرانسوا ریگیلو مەیلە سەرمایەدارییەکەی بەدەردەکەوێت کە بەدرێـژایی تەمـەنی لێـی جیا نەبووەوە.....

***رۆژنامەی "الشرق الاوسط" ژمارە10035....2006/5/20***